سەید حەکیم لەگەڵ بایدەن هەماندا پەیوەندی دوو قۆڵی و پێشهاتی سیاسی عیراقی تاوتوێ دەکات



بەڕێز سەرۆکی هاوپەیمانێتی هەزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی ڕۆژی 30ی کانوونی یەکەم لە نووسینگەی خۆی لە بەغدا پێشوازی لە بەڕێز خاتوون جانیت ئالبیردا بایدەن هەماندا کرد، لەم دیدارەدا باس لە پەیوەندی دوو قۆڵی نێوان هەردوو وڵات و پێشخستنی کرا کە بەشێوەیەك بێت کە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی هەردوو وڵاتی دەست بکات.

سەید حەکیم باسی سروشتی بارودۆخی گەشەپانی عێراقی کرد و ئاماژەی بەوەدا کە عێراق سەقامگیرییەکی بەوپەڕی بەدەستهێناوە لەسەر ئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەمنی و هەوڵدەدات لەسەر ئەو پەرەسەندنە ئەرێنییە بەردەوام بێت بۆ بەدیهێنانی سەقامگیرییەکی بەردەوام.

سەید حەکیم دووپاتی کردەوە کەسەرکەوتنی عێراق لەئەنجامدانی هەڵبژاردنی بەشێوازێکی ڕوون و شەفافدا دەستکەوتێکی دیکەیە بۆ زنجیرە دەستکەوتەکان، هەروەها ستایشی ئەنجوومەنی نوێنەرانی کرد لەتاوەکردنی پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرکەی پەرلەمان و جێگری یەکەمیش و هیوای خواست بۆیاری هەڵبژاردنی جێگری دووەم بەجۆرێک بێت کە نوێنەرایەتی سیاسی بۆ پێکهاتەکان مسۆگەر بکات.
لەکۆتاییدا سەماحەتی جەختی کردەوە لەسەر گرنگی پابەندبوون بە کاتوساتی دەستووری بۆ بەردەوام بوون لە شایستە دەستوورییەکان، بۆتایبەتی ئەوەی پەیوەستە بە سەرکەی کەمار و پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەت.